





# ئەڵقە و ئەنگوستیلەی سەرگەورە

بۆئەوەی خشڵێکی سەرنجڕاکێشت لە دەست و مەچەکدا هەبێت، هەوڵبدە خشڵی قاش و سەرگەورە هەڵبژێریت، چونکە مۆدێکی ناسك و سەرنجڕاکێشی هەیە، بەهۆی ئەوەی یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین ئێکسسوارەکان ئەڵقە و ئەنگوستیلەیە، ئەو ئێکسسوارە جوانیی دەستەکان رازاوەتر دەکات، تەنانەت هەندێ جار ئەوەندە سەیری ئێکسسوارەکان دەکرێت، سەیری جوانیی دەستەکان ناکرێت. ئاماندە تۆماس، دیزاینەری کریستاڵ و ئێکسسوارەکانە دەڵێ: «گرنگە کچان بایەخ بە ئەنگوستیلە ناسك و باریکەکان بدەن، ئەگەر هیچ نەبێت دوو رۆژ جارێك ئەنگوستیلەکانیان بگۆڕن»، هەروەها دەڵێ: «پێویستە ژنان ئەڵقەیەکی نایاب هەڵبژێرن، چونکە ئەوان وەك کچان ناتوانن زوو زوو بیگۆڕن، ئێستا مۆدی ئەڵقە و ئەنگوستیلەی سەر گەورەیە، واتە ئەو بەشەی دەکەوێتە سەرەوە، لە قاشی گەورە و کریستاڵ و بەرد بێت» لە بارەی رەنگیشەوە ئەماندە دەڵێ: «واچاکە زۆربەی رەنگەکانت هەبێت، تا بتوانیت بە ئاسانی لەگەڵ رەنگی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکانی دیکە و ماکیاژ شیکیان بکەیت.

# ئەو هۆکارانەی ژیان و جوانیت تێکدەدەن



تێکچوونی ژیان و جوانی بەتایبەت لە ئافرەتاندا، بە دڵخۆشی و کامەرانییەوە بەندە، بەهۆی ئەوەی رۆژانە راستەوخۆ لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە مامەڵە دەکەین، کێشە و گرفت سەرهەڵدەدات و دەبێتە سەرچاوەی تێکچوونی ژیان، بەمەش دەبێتە هۆی دڵتەنگی و بێزاری، کە ئەوەش هۆکارێکە بۆ شێواندنی جوانیی روخسار و جەستەی خانمان، هەریەکە لە توێژەران (جۆن جۆتمان و رۆبێرت لیفنسۆن) پێیان وایە چەندین هۆکار هەن کە جوانی و ژیانی خانمان تێك دەدەن، لەوانە: رەخنەگرتن، کاتێك دەکەویتە بەر رەخنەی دەوروبەر، بەتایبەت لە کاتی کێشە و گرفتەکان، تا دەتوانی خۆت لە کێشە بە دوور بگرە، نەبوونی متمانە و رێز لەگەڵ کەسانی دەوروبەر هۆکارێکی دیکەیە، کاتێك کەسانێك متمانەیان پێت نامێنێت و کاری باشیش بکەی هەر بە خراپەی دەزانن، هەروەها نەبوونی رێز لە ماندووبوون، هەستی خۆبەگەورەزانین، کاتێك کەسانی دەوروبەرت خۆیان لە ئاستی تۆ بە گەورەتر دەزانن و تۆش پێت وایە کە لە ئاستی تۆدا نین، ئەو کاتە تووشی کێشە و گرفت دەبیتەوە، هەروەها درێژەپێدان بە کێشە و گرفتەکان، هەموو ئەمانە هۆکارن کە ژیان و جوانی تێك دەدەن، بۆیە پێویستە لێیان دوور بکەویتەوە.









# هەنگاوی دروستی لادانی ماکیاژ

لادانی ماکیاژ هەنگاوێکی گرنگە، تا روخسار بە پاکی و بەشێوەکی تەندروست رابگریت، چونکە بەهۆی مانەوەی ماکیاژەوە زیانێکی زۆر بە پێستی روخسارت دەگات و جوانیت دەشێوێت، بێگومان ماکیاژکردن کارامەیی و لێهاتوویی دەوێت، هەروەها لادانی ماکیاژیش رێگەی دروستی دەوێت، لێرەوە ئاشنای رێگەی دروستی لادانی ماکیاژ بە: سەرەتا دەبێ بە دەوروبەری چاوەکان دەست پێ بکەیت، لە جیاتی کلینکس، وا چاکترە سێ پارچە پەموو لەناو ئاوێکی پاکدا دابنێیت و لە دەوروبەری چاوەکانتی بدەی، بۆ لادانی ماسکاراش سەرەتا پەموو لەسەر چاوت دانێ، دواتر بە نەرمی ماسکاراکە لێبکەرەوە و پاکی بکەرەوە، بۆ پێستی روخسار بە جووڵەی بازنەیی بەرەو سەرەوە شلەی پاککردنەوەی ماکیاژ بەکاربهێنە، دواتر روخسارت بە ئاوی شلەتێن بشۆ، دوای ئەوە کرێمی پاککردنەوە لە روخسارت بدە، یان بە ئاوێکی پاك تەواوی روخسارت پاك بکەرەوە، کە مەرجە دەستەکانیشت پاك بن.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە گاڵتەکردن بە کەسانی بە تەمەن دەکات، چونکە ئەوانەی ئێستا گەنجن و گاڵتە دەکەن، ڕۆژێك دێت ئەوانیش پیر دەبن و دەچنە تەمەن.

## بەلەمی روون

ئەندازیارانی کۆمپانیای (Clear Blue Ha-waii)، توانییان گەورەترین خزمەت بە بواری کەشتی و بەلەمی دەریاوانی پێشکەش بکەن، ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەندازیارێك بە ناوی (جۆن کایاك) پێشکەش بە کۆمپانیاکە کرا، ئەویش بە روونکردنەوەی تەواوی بەلەم و کەشتییەکان، بە تایبەت بەشی ژێرەوە، تا ئەوانەی لە ناو بەلەمەکاندان، بتوانن بە سادەیی ژێر خۆیان و نێو ئاوەکە لە ڕێگەی روونیی بەلەمەکانەوە ببینن. پرۆژەکە ڕەزامەندیی لەسەر درا، دواتر بیریان لەوە کردەوە کە ئەگەر شووشە بەکار بهێنن، ڕەنگە نوقم ببێت، بۆیە ماددەی (پۆل کاربۆن)یان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد، ئەویش بە تێکەڵکردنی لەگەڵ شووشەی بەهێز و پتەو کە گوللەنەبڕە، تا پێکهاتەیەکیان دروست کرد بۆ نێو ئاو بگونجێت و وەك شووشەش روون بێت. نرخی ئەو جۆرە بەلەمە لە (١٤٩٠) دۆلار دەست پێ دەکات، جێگەی دوو تا چوار کەسی تێدا دەبێتەوە.





## نـوکتـە

یەکێك بەئینگلیزی بەیانی باشی لە کەسێك کرد و گوتی: good morning.
ئەوەی دیکەش گوتی (morning good).

## پوختەی فیلم



**پیاوی ئیرلەندی — The Irishman**

فیلمێکی تاوانکاری و درامایە، باس لە ساڵی (١٩٥٠) دەکات لەو کاتەی شۆفێرێك بە ناوی (فرانك شیرین) لەگەڵ کەسێکی دیکە بە ناوی رەسل بۆفالینۆ تووشی کێشە دەبن، فرانك دەیەوێت بە سوودوەرگرتن لەو ناکۆکییە ببێتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز، پەیوەندی بە ڕێکخراوی (جەیمی هۆفتا) دەکات تا تاوانکارییەکانی بگەیێنێتە لوتکە، فیلمەکە لە ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (مارتن سکۆرسیس)ە، بودجەی فیلمەکە (١٤٠) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (رۆبێرتۆ دینیرۆ، ئالپاچینۆ، جۆی پیسچی)ە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

شێوازی مامەڵەکردنت بگۆڕە و کارێك مەکە ببێتە هۆی پەشیمانیت، کەسایەتیت بەهێزە و ئەوانەی دژایەتیت دەکەن، دەگەڕێنەوە بۆ لات، لەم ماوەیەدا هەندێك پێشوەچوونی ئەرێنی ڕوودەدات ء دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لە کەسە نزیکەکانت رەنگە دووبارە پەرێشانء خەمبارت بکاتەوە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بڕوات بە خۆت هەبێت، کارەکانت سەر دەگرن، بەهۆی ئەوەی هەستێکی بەهێزت هەیە و کاریگەریی رووداوەکان دەزانیت، بۆیە زیاتر قوربانی مەدە و بیر و مێشکت بخەرە کار و لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، چونکە ماوەیەکە هەندێ ئاماژە دەرکەوتووە کە خۆت لێیان تێ دەگەیت، باشتر وایە بە وریاییەوە رەفتار بکەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەرکێکی قورست لەسەر شانە و پێویستە خەم لە داهاتووت بخۆیت، لەم ماوەیەدا کارەکانت بە ناخۆشی تێپەڕ دەبن، ئارام بگرە، لە داهاتوودا هەست بە ئارامیء گەشبینی دەکەیت ء چالاکیت بەرەو باشتر دەچێت، لەوانەشە دەستکەوتی دارایی ء سۆزداری لەگەڵدا بێت، بۆیە تا دەتوانیت پشوودرێژ بە و خۆت لە هەڵچوون بە دوور بگرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پێویستە بڕیارەکانت لە دەست خۆت بن و مەهێڵە کەسانی دیکە بەشدار بن، کەسێکی خاوەن رەوشتێکی بەرزی و کارەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت، ئەگەر بەم زووانە دەربارەی کارەکانت وتووێژ و گفتوگۆت کرد، ئەوا زۆر وریا بە، چونکە لە ئێستادا بارودۆخ زۆر هەستیارە، وا باشترە بە بێخەمی کارت بە کەسانی دیکە نەسپێریت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خەم لە رابردوو مەخۆ و ئەرکی داهاتووت بە جوانی جێبەجێ بکە، هەمیشە بە دڵسۆزییەوە کار دەکەیت، ئەوەش نهێنیی سەرکەوتنەکانتە، ئەم ماوەیە لە هەوڵی ئەوەدای کە هەرچۆنێك بێت ء بە هەر شێوەیەك بێت، را و بۆچوونەکانی خۆت بە سەر خۆشەویستەکەتدا بسەپێنی، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت، ئەوا کاریگەریی خراپی لە سەر پەیوەندیەکانتان دەبێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ماوەیەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت تووشی کێشە بوویت، ئەوەی لە سەرتە تەنیا یەکسانیی نێوانیان بپارێزە و خەم لە داهاتوو مەخۆ، چاو بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتدا بخشێنەوە، بەسەر کۆسپێکدا زاڵ دەبێت ء باری داراییت بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت، چاودێریی تەندروستی بکە و زۆر خۆتیش تووشی گوشاری دەروونی مەکە.

# بیرکردنەوە و فەلسەفە

**هیچ شتێك لە « هیچ »ـەوە دروست نابێت**

چۆنێتیی گەیشتن بەم ئەنجامە نادیارە ئێمە تەنیا ئەوەندە دەزانین، کە باوەڕکردن بە بوونی ماددەیەکی بنەڕەتی بەرە بەرە گەشەی کردووە، بەو پێیە دەبێت ماددەیەکی شاراوە لە پشت هەموو گۆڕانکارییەکانی سرووشتەوە هەبووبێت. دەبێت شتێك وەك سەرچاوەی هەموو شتێکی دیکە هەبووبێت کە هەموو شتێکی دیکە بۆ ئەو بگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو وەڵامانەی فەیلەسووفە یەکەمینەکان پێی گەیشتبوون، جێگەی مەبەستی ئێمە نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر ئەو پرسیارانەمان مەبەستە کە دەیانوروووژاند، ئەو وەڵامانەمان بەلاوە گرنگە کە بەدوایدا دەگەڕان، واتە چۆنێتیی شێوازی بیرکردنەوەیان بەلامانەوە گرنگە، نەك ئەو شتانەی کتومت بیریان لێ دەکردەوە. دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: پرسیاریان دەربارەی گۆڕانکارییە بینراوەکانی سرووشت کردووە و هەوڵی دۆزینەوەی هەندێ یاسای هەتا هەتایی سرووشتیان داوە. ئەوان بەبێ ئەوەی پشت بە ئەفسانەی سەردەم ببەستن، گەرەکیان بووە لە ڕووداوەکانی سرووشت تێ بگەن. لە سەرووی هەموو شتێکەوە هەوڵی تێگەیشتنی پرۆسێسی سرووشتیان لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی خودی سرووشت داوە، ئەمەش شتێکی تەواو جیاوازە، وەك لەوەی هۆی هەورە برووسکە و باران وەرزی بەهار و زستان بە ڕووداوەکانی جیهانی خواکانەوە گرێ بدەنەوە. بەم شێوەیە فەلسەفە خۆی لە دیانەت سەربەست کرد، دەتوانین بڵێین: فەیلەسووفە سرووشتییەکان یەکەمین هەنگاویان بەرەو جۆرە بیرکردنەوەیەکی زانستییانە برد، لێرەشەوە بوونە دامەزرێنەری سەرەتای هەموو زانستی سرووشتناسی، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زۆربەی زۆری نووسین و وتەکانی فەیلەسووفە سرووشتییەکان فەوتان، ئەو کەمەی دەیزانین لە ڕێگەی نووسینەکانی (ئەریسیۆتالیس)ـەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەویش دووسەدساڵێك پاش یەکەمین فەیلەسووف ژیاوە، ئەریستۆتالیس تەنیا پوختەی ئەو ئەنجامەی نووسیبووەوە کە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی پێی گەیشتبوون، واتە ناتوانین پەی بە چۆنێتیی گەیشتنیان بەو دەرئەنجامانە بەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین: گۆڕانکارییە سرووشتییەکان و بابەتی مادەی سەرەتایی، پرۆژەی یەکەمین فەیلەسووفی یۆنانی بووە.





## پەند و وتە

ئارتۆر شۆپێنهاوەر، فەیلەسووفی ئەڵمانی لە ساڵی (١٧٨٨) لە پۆڵەندا لەدایکبووە و لە ساڵی (١٨٦٠) لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئافرەتان و پیاوان دەڵێ: پیاوان بە سرووشتی خۆیان گرنگی بە یەکتر نادەن، تا کێشە و ململانێیەك نەبێت، کەچی ئافرەتان لە حاڵەتێکی سرووشتییەوە پیلان دادەنێن و ڕق بەرامبەر یەکتر هەڵدەگرن.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا هەڵەیەك هەیە، هەوڵبدە لە ماوەی (١٠) چرکەدا بیدۆزیتەوە و هەڵەکەش دەستنیشان بکەیت.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە کێشەکانت زۆر بوون و تۆش بێزاریت پێوە دیارە، ئەوەی لەسەرتە جێبەجێی بکە، ڕەنگە لە ئەنجامی چەند هەڵەیەك وانەی باش فێر ببیت، یان هەست بە هۆکاری هەڵەکانت بکەیت، هیچ نیگەرانی ئەو بارودۆخەی ئێستا مەبە، چونکە دەبێتە وانەیەك و ئەزموونی زیاتر وەردەگریت، دڵنیابە لەوەی کە لە داهاتوودا هەڵکانی ڕابردوو دووبارە ناکەیتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ئەنجامی ئەو کێشانەی کە ماوەیەکە بەرۆکی گرتووی، خەریکە بڕوات بە خۆت نامێنێت، تەنیا ئارام بە، هەموو شتێك چارەسەر دەبێت، ئەم ماوەیە زیاتر لە ڕابردوو خۆت بە حیساباتی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لە داهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت، گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشت بدە.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕابردوودا ئازاری زۆرت چێشتووە و مەهێڵە لە داهاتوودا کاریگەریت لەسەر بەجێ بهێڵێت، کەسێکی ناودار کاریگەرە لە شێوازی ژیان و توانا فکری ء پیشەییەکەت، تۆش بەمە سوودمەند دەبیت، لایەنی دارایيت جێی دڵنیاییە و هیچ ترسێکی لەسەر نییە، ئەم ماوەیە لە ڕووی سۆزدارییەوە بە کاتێکی هەستیاردا گوزەر دەکەیت، پێویستە چاوکراوە بیت.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خاوەن هەستێکی بەرزیت و هەمیشە قوربانی دەدەیت، ڕووی کارەکانت بەرەو سەرکەوتنە و بڕوات بە کەسانی دەوروبەریشت هەبێت، ڕێگا مەدە دووبارە ڕەشبینی باڵ بەسەر ژیانتدا بکێشێت، ڕاستە کەمێك دوودڵیت، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونییە ڕزگارت دەبێت، ئەوکات دەوروبەرەکەشت لە دڵسۆزیت تێدەگەن.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کێشەکانی پێشووت هێشتا کاریگەرییان بەسەرتەوە ماوە، بڕیارەکانت بە زوویی جێبەجێ بکە، زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت ء لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لەم بارەیەوە بڕیارێکی گرنگ ء یەکلاکەرەوە بدەیت، هیچ دوودڵ مەبە و لە بڕیارەکاندا پشت بە خۆت ببەستە، بەڵام ڕاوێژ لە کەسانی دیکەش وەربگرە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پارێزگاری لە دەستکەوکانت بکە و ئەوەی هەتە بە قورسی دەستت کەوتوون، بۆیە لە دەستیان مەدە، لە بارەی ئیش ء کارەوە بە خێرایی گۆڕانکارییەکی ئیجابی ئەنجام دەدەیت، ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا بگەیتە ئەنجامێکی باش ء گرفتێکیشت بەرەو چارەسەری بڕوات، چاوکراوە بە و بە ورياييەوە هەڵسوکەوت بکە.